لاهور شێخ جەنگی بەیاریدا بەشداری لە یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان نەکات

لاهور شێخ جەنگی، سەرۆکی لیستی بەرەی گەل بەیاریدا بەشداری لە یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان نەکات.

میدیای نزیک لە لاهور شێخ جەنگی ڕایگەیاند، لاهور شێخ جەنگی سەرۆکی لیستی بەرەی گەل لە بازنەی پارێزگای سلێمانی بەشداری لەیەکەمین کۆبوونەوەی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ناکات.

جێگای باسە، لاهور شێخ جەنگی سەرۆکی لیستی بەرەی گەل لە بازنەی پارێزگای سلێمانی، لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان زۆرترین دەنگی دەنگدەرانی هەرەمی کوردستانی بەدەستهێنا کە 20 هەزار دەنگ بوو.

پێشتریش فەنک ئەحمەد، ئەندامی ناوەندی هەڵبژاردنی بەرەی گەل ئاشکرای کرد، وەک بەرەی گەل تائێستا بەیارمان نەداوە بەشداریی دانیشتنەکەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان دەکەین یاخود نا.

ئەمڕۆ دووشەممە 2ـی کانوونی دووەمی 2024, یەکەم دانیشتنی خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو و تیایدا ئەندامانی نوێی پەرلەمان سوێندی یاسایی خوارد.